گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئیتمۆلۆژیای هەندێ وشەی کوردی کە لە ئاڤێستاوە سەرچاوەیان گرتووە

**م. ی. داستان صابر مامە**
بەشی کوردی, کۆلێژی زمان, زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان،عیراق
Dastansaber1988adren@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٩/٣
پەسەندکردن:٢٠٢٣/١٠/١٩
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Etymology, kurdish language, Avesta language, Word origin, Investigation, Word root.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.4.15

**پوختە**

جیاواز لەو پێناسە نەریتیانەی، کە لە ڕابردوودا بۆ زمان کراوە، لە ئێستادا لەم سەردەمی شۆڕشی نوێی تەکنەلۆژیا و ململانێی زمانەکاندا مردنی بەشێک لە زمانەکان دیارترین و پەسەندترین پێناسەی نوێ بۆ زمان هاتوەتە ئاراو، کە زمان تەنیا کەناڵێک نییە بۆ پەیوەندیکردن و گواستنەوەی زانیاری، بەڵکو خودی زمان بریتیە لە بونیاد و پێکهاتەی شتەکان، بریتیە لەو هەبوەی ئاماژەی پێدەدات، هەر بۆیە زمان تەنیا ئاماژە نییە بە مێژوو و کەلتوور و ڕەسەنایەتی، بەڵکو خودی زمان خۆی مێژووە، ڕەسەنایەتی و فەرهەنگ و کەلتوری هەموو نەتەوەکانە زمان شارستانیەتەکان دروستدەکات هیچ شارستانیەتێک بەبێ زمان بوونی نییە. ئاشکرایە بونی هەرنەتەوەیەك بەستراوەتەوە بە زمانەکەیەوە، زمان واتە شوناسی نەتەوە بەنەبونی زمان بونی نەتەوەیەك دەسڕێتەوە، واتە زمان دەورێکی گرینگ و کاریگەری هەیە لەسەر وەرچەرخانی هەمو میللەتیك .

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی (ئیتمۆلۆژیای هەندێ وشەی کوردی کە لە ئاڤێستاوە سەرچاوەیان گرتووە). پێکهاتووە لە دوو تەوەرە لەگەڵ ئەنجام و ئەو سەرچاوانەی سودیان لێوەرگیراوە .

تەوەرەی یەکەم: لەم تەوەرەیە باس لە کورتەیەکی مێژوویی لەسەر لێکۆڵینەوە لە وشە و زاراوەی ئیتمۆلۆژیا و زمانی کوردی و سەرچاوەکەی ئاڤێستا کراوە، پاشان زمانی ئاڤێستا و ئەو بەڵگانەی کە دەیسەلمێنن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زمانی کوردی شێوەی کۆنی زمانی ئاڤێستایە لەگەڵ پیتەکانی زمانی ئاڤێستا خراونەتە ڕوو.
تەوەرەی دووەم: لەم بەشەدا هەوڵدراوە زیاتر هەڵوەستە لەسەر زمانی ئاڤێستا و باسکردنی ئەو وشانەی کە لە ئاڤێستاوە وەرگیراون بکرێت.
ئەوبابەتانەی لەو بەشەدا خراوەتە ڕوو بریتین لە شێوەزاری ئاینی زمانی ئاڤێستا و بەشەکانی ئاڤێستا و پەیوەندی زمانی ئاڤێستا لەگەڵ زمانی هەورامی پاشان ئیتمۆلۆژیای ناوی (مرۆڤ و شوێن و ئاژەڵ و کات و شت).
لەکۆتاییدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و ئەو سەرچاوانەی سودیان لێوەرگیراوە خراونەتە ڕوو.

## 1. پێشەکی

### 1- ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:-

(ئیتمۆلۆژیای هەندێ وشەی کوردی کە لە ئاڤێستاوە سەرچاوەیان گرتووە) ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە. باس لە زمانی ئاڤێستا و هەندێ لەو وشانە دەکات، کە لەئاڤێستاوە وەرگیراون و تاوەکو ئێستاش ڕەگ و ڕیشەیان لەناو زمانی کوردی ماوەتەوەو بەکاردەهێنریت.

### 2- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:-

زمانی کوردی وەک یەکێک لە زمانە زیندوەکانی ئەم جیهانە پێویستی گرنگی بە لێکۆڵینەوەی زانستی بە هەموو جۆر وبەشەکانی زانستی سەردەم هەیە. لەوانە: زانستی ئیتمۆلۆژی، بەجۆرێک بایەخدان و کارکردن لەسەر ئیتمۆلۆژی بۆ زمانی کوردی گەلێک گرنگتر و پر بایەخترە وەک بۆ زۆرێک لە زمانانی دیکە، چونکە بەشێک لە زمانە جیهانیەکان کێشە سەرەکیەکانی ڕێزمان و ڕێنوسی خۆیان یەکلایکردوەتەوە، بەڵام زمانی کوردی زمانێکە لە دۆخی گەشەسەندن و پێگەیشتندایە هێشتا بە تەواوی نەبوەتە خاوەنی زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی، لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوە لە زانستی ئیتمۆلۆژی وەک پێویستییەکی سەرەکی و بنچینەیی بۆ پرکردنەوەی کەلێنە ئاڵۆزەکان و یەکلایکردنەوەی گەلێک

لە کێشە و پرسیارەکانی ئەم ڕەوتەی، کە بۆ پێگەیشتن و دروستبوونی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو لەبرەودایە گرنگ و کاریگەرە، جگە لەمەش ئاوەڕدانەوە لە ڕابردوی دێرینی زمانی کوردی و ئیتمۆلۆژیای زمانی کوردی کارێکی گرنگ و پڕ بایەخە بۆ ئەوەی ئاگاداری مێژووی زمانەکەمان بین، بە مەبەستی دیاریکردنی بنچینە و دێرینیەتی زمانی کوردی و زیاتر بەرەو و پێشبردن و پارێزگاری لێکردنی.

**3- کەرستە و سنوری لێکۆڵینەوەکە:-**

سنوری ئەم لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی ئاڤێستای کۆن، کە لایەنی مێژوویی وشەکانی وەرگرتووە. بە نموونە: ئەو وشانەی کە لە سەرچاوە زانستیەکان ئاماژەیان پێدراوە.

**4- ڕێبازی لێکۆڵینەوە:-**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیرەو کراوە، بە شێوەیەکی تیۆری شیکاری، شیکاری بۆ ئەو وشانە دەکات کە بنچینەکەیان بۆ زمانی ئاڤێستا دەگەڕێتەوە و بەهۆی پێشکەوتن و گەشە و گۆڕانی زمانەوە گۆڕانکاریان بەسەردا داهاتوە.

**5- ئاستی لێکۆڵینەوەکە:-**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی بەرجەستە دەبێت. بەپێی پێویست ئاوڕ لە ئاستی واتاسازیش دراوەتەوە لەو شوێنانەی کە پێویستی کردوە.

## 2. تەوەرەی یەکەم

### 2. 1 زاراوەی ئیتمۆلۆژیا (etymology )

بەر لەوەی باس لە زاراوەی ئیتمۆلۆژیا بکەین پێویستە بزانین، کە زانستی ئیتمۆلۆژیا چییە و خۆی بە چییەوە خەریک دەکات. لە پێناسەکانی ئیتمۆلۆژیا زیاتر جەخت لەسەر بنچینە و ڕەگ و ڕیشەی وشە دەکرێتەوە، کە ئەم زانستە گرنگیان پێدەدات، جگە لەمەش گرنگی بە لێکۆڵینەوەی وشە دەدات لە ڕوی

مێژوویی و سەرچاوەی وشە و ڕەچەڵەکی وشەکە لە چ خێزانە زمانێکەوە وەرگیراوە. هەر بۆیە لێرەدا چەندین پێناسەی جیاواز دەخەینە ڕوو:-

**ئیتمۆلۆژیا**: زانستێکە بۆ مێژووی وشەکان دەگەڕێتەوە، تا شتێك بدۆزێتەوە و شرۆڤەی بکات. ئیتمۆلۆژی بە گشتی و بە شێوەیەکی هەمەکی لە ڕوی مێژووی وشەکەوە پیدراوە زانیاریەکانی خۆی بە شێوازی نۆرە گرتن لە دەنگسازی و وشەسازی و واتاسازی ... هتد وەردەگرێت. (دی سۆسیر، 2018: 425-423)

**ئیتمۆلۆژیا**: بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە ئەسڵ و بنچینەی وشەکان لە ناو زمان یا خێزانە زمان، یا خود بە واتایەکی تر ئیتمۆلۆژیا زانستێکە بنچینەی مێژوویی ڕەچەڵەکی زمان و کەلتور و فەرهەنگی نەتەوەیی لە مێژوودا دەسەلمێنێ.(رەفیق شوانی، 2016: 9)

ئیتمۆلۆژیا: لقێکە لە زانستی زمان بایەخ بە لێکۆڵینەوەی بنچینەی وشە دەدات کە چۆن لە زمانی دایکەوە هاتوون یان بە هۆی وەرگرتنیانەوە هاتونەتە ناو زمان و ڕێژە و واتایان پەرەی سەندووە. (رمزی منیر، 1990: 178)

**ئیتمۆلۆژیا**: ئەو بەشەیە لە زانستی وشە و پەیدابوون و وەرگرتن و ئەو دەورانەی پێدا تێپەربووە دەکۆڵێتەوە. ( ئەورەحمان، 1975: 25)

لە هەموو ئەو پێناسانەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە ئیتمۆلۆژیا ئەو زانستەیە کە لە ڕەگ و ڕیشەی و ڕچەڵەکی وشە دەکۆڵێتەوە. کە چۆن و لە چ خێزانە زمانێکەوە سەرچاوەیان گرتوە.

**زاراوەی ئیتمۆلۆژیا:-**

وشەیەکە لە ڕوی زمانەوە پێکهاتووە، لە دوو وشەی وەك (etymon ) ی لاتینی بە واتای ڕیشە، بنچینە، بنەڕەت، بناغە و ڕەگی وشە دێت. بەشی دووەمی وشەی زاراوەکە (Logy) واتا زانست، هەردووکیان بە واتای ( زانستی بنچینەی وشە) دێت. ( ڕەفیق شوانی، 2016: 9 )

ئیتمۆلۆژیا وەك زانستێك لە دوو بەش پێکهاتووە:-

**1- ئۆنۆماستیك(onomastique)** :بابەتەکەی بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە بنچینەی وشەی ناسراو و زانراو (الاسماء الاعلام) واتە ئەو وشانەی تایبەتن بە ناوی کەس و تیرە و هۆز و چیا و ڕوبار و شوێن ... هتد.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2- تۆپۆنۆماستیك (toponomastique ):** بابەتەکەی لێکۆڵینەوەیە لە بنچینە و بنەرەتی ناوی شوێن بە بەشە جیاوازیەکانیەوە. (عەلی عبدولواحید وافی، 2007: 20 )

بەم پێیە ئیتمۆلۆژیا ڕێگەیەکە بۆ دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی وشە، بە تایبەتی هەندێ لە وشانەی، کە بە هەر هۆکارێکی ئاینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی گۆڕانکاریان بەسەرداهاتوە. هەروەها بەهۆیەوە دەتوانرێت شارەزایی و زانیاری لەسەر مێژوو و ڕۆشەنبیری و داب و نەریتەکانی تایبەت بە میللەتان بزانرێت، جگە لەمەش هەر لە ڕێگەی ئیتمۆلۆژیاوە دەتوانرێت وشەی نوێ دروستبکرێ لە ڕەگی ئەو وشانەی کە لە کۆندا بەکارهاتوون بە داڕشتنەوەیان سەر لە نوێ جارێکی تر، بەمەش فەرهەنگی زمانەکە دەوڵەمەندتر دەبێت. لەگەڵ ئەوشدا دۆزینەوەی وشە هاوبەشەکانی نێوان زمانەکانی یەك خێزان لە ڕێگەی ئیتمۆلۆژیاوە دەبێت، کە ڕێژەی جیاوازی بەکارهێنان و شێوەی گۆڕانەکانیان دیاری دەکات.

**2.2 کورتەیەکی مێژوویی لە بارەی لێکۆڵینەوە لە وشە**

سەرەتای لێکۆڵینەوە لە وشە بۆ هیندیەکان دەگەڕێتەوە. کە بە کۆنترین لێکۆڵینەوە دادەنرێت، لە ڕێگەی هەستی ئاینیەوە لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجامدا بۆ پاراستنی کتێبە پیرۆزەکەیان (ڤیدا) کە بە زمانی سانسکریتی نوسرابوو. بە چاوێکی پیرۆز سەیری ئەم کتێبەیان دەکرد. هیندیەکان وای بۆ دەچوون لێکۆڵینەوە لە زمانی سانسکریتی کتێبە پیرۆزەکەیان جۆرێکە لە جۆرەکانی خواپەرستی.

(ڤیدا) کۆنترین دەقە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ( 1200) ساڵ پ.ز .(پانینی) کتێبیکی دانا بە ناوی ( هەشت بەش) (المثمن) لەم کتێبەدا یاساکانی ڕێکخستنی دەنگەکانی سانسکریتی وشەسازی و ڕستەسازی دیاریکرد. لە وشەشازیدا گۆڕینی ناوی بە پێی حاڵەت دەستنیشانکرد. (ساجیدە، 2013: 102)

لە دوای ئەوان یۆنانیەکان گرنگیەکی زۆریان بە لێکۆڵینەوەی زمانی داوە. بە شێوەیەکی زۆر چالاکانە برەویان بە بنج و بناغە و مێژووی وشە داوە، بە جۆرێک سەرەتای بیرکردنەوە لە زمان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گریکەکان بە تایبەتی بۆ بەشێك لە گفتوگۆکانی ئەفلاتون و (کراتیلوس) کە بە یەکێك لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی مێژووی زمان دادەنرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆنترین لێکۆڵینەوە لە بارەی زمان کە مابێتەوە بریتیە لە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان لە بارەی بنچینەی زمان و سروشتی واتاوە لێکۆڵینەوەکەی ئەفڵاتونە، کە بایەخێکی تەواو بە بنچینەی وشە دەدات و هەندێ پرسیاری گرنگ دەخاتە ڕوو وەك ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان سروشتی وشە و ناونراودا، یان پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو لە خۆوەیە یان پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیە؟

ئەفڵاتون بە یەکەم کەس دادەنرێت کە گوتنی دابەشکردە سەر ( ناو، کار)، جگە لەمەش ( تراکس) یەکەم کتێبی دانا بە زمانی یۆنانی ( 170-90 پ.ز ) لەو کتێبەدا لێکۆڵینەوەی لە سەر دەنگەکانی یۆنانی کردوە و تێیدا باس لە بنچینەی وشە و بەشەکانی ئاخاوتنی کردوە.(سەرچاوەی پێشوو:103)، بەڵام زمانەوانی هاوچەرخ دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەکەی (ولیەم جۆنز) کاتیك زمانی سانسکریتی بە جیهان ناساند. بە بەراوردکردنی زمانەکانی سانسکریتی و لاتینی و گریکی ڕێبازێکی نوێ زمانەوانی سەری هەڵدا ئەویش زمانەوانی بەراوردکاری بوو، کە بە فیلۆلۆژی ناسرابوو سەرەتا وای بۆ دەچوو لاتینی و گریکی لە زمانی سانسکریتییەوە دروستبوون، بەڵام دواتر بەڵگەکان ئەوەیان پشت ڕاستکردەوە، کە ئەم سێ زمانە لە یەک سەرچاوە دروستبوون ئەویش زمانی پرۆتۆهیندۆیوروپیەن، واتە زمانی هیند و ئەوروپی بنەچەی ئەو زمانانەی زمانەکانی تر لەوەوە دروستبوون. لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان هەر بەردەوام بون وردە وردە زیاتر گەشەسەندنیان بە خۆوە بینیوە و زیاتر برەویان بە بواری زمان و لێکۆڵینەوە لە ڕەگ و ڕیشەی وشە و بنچینەی دروستبوونی داوە. بە بەراوردکردنی نێوان زمانەکان و ئەسڵ و بنچینەیان کە بۆ چ خێزانە زمانێك دەگەڕێتەوە. جگە لەوەش لێکۆڵینەوە لە هەمو لایەنێکی تر کە پەیوەندی بە بەشەکانی ئاخاوتن و کەرستە زمانەوانیەکان هەیە هەڵوەستەی لەسەر دەکرا. بیرکردنەوە لە چۆنیەتی پەیدابونی زمان گەشە و گۆڕانی زمانەکان و بیرۆکەی دانانی ڕێزمانێکی گشتی و دانانی دەستور و یاسەیەك بۆ زمانەکان کاری سەرەکی زانایانی زمان بوە. بە تێپەربوونی کات و برەودان بە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان چەندین زانستی جیاواز خۆی دەخزێنێتە بواری زمانەوانیەوە لە ناویشیاندا زانستی ئیتمۆلۆژی بە درێژە پێدەری لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان لە ڕەگ و ڕیشەی وشە و بنچینەی دروستبوونی وشە دادەنریت. بەدەر لەوەی، کە ئیتمۆلۆژیا وەک زانستێک بە پێویستیەکی زمان دادەنرێت لە یەکلایکردنەوەی کۆمەڵێک لە کێشە و پرسیاری ڕەوتی پێگەیشتنی زمانان و کێشە سەرەکی و لاوەکیەکانی ڕێزمان و ڕێنوسی ستاندارد.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3.2 ئیتمۆلۆژیای زمانی کوردی

زانین لە بارەی ڕەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی زمانی کوردی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ئیتمۆلۆژییە، جا بۆ ئەوەی بنچینە و ڕەچەڵەکی زمانی کوردی نەتەوییمان بزانین پێویستە لە ڕوی ئیتمۆلۆژیەوە، واتە ڕیشەناسیەوە بڕوانینە ڕەچەڵەك و بنەڕەتی زمانەکەمان. لەبارەی ئەو سەرچاوانەی کە باس لە مێژووی زمانی کوردی دەکەن، بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت، کە مێژووی زمانی کوردی زۆر کۆنە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە سەر زمانی ئاڤێستا و لە پێش ئەویش زمانە زاگرۆزییەکان. واتە ئەو زمانە کوردیەی کە ئەمرۆ کورد قسەی پێدەکات ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی ئاڤێستایی.
لە ڕوی پەیوەندی و خزمایەتی و کۆمەڵایەتی و نزیکایەتی زمانەوە زمانی کوردی سەر بە خێزانی زمانە زاگرۆزیەکانە و دەچێتەوە سەر کۆمەڵە زمانی ئاریایی. کە لە نیشتمانی ئاریانا سەرچاوەی گرتوە، پێگە و شوێنی ئاری نەژادەکانە. کۆمەڵی زمانی ئاریایی لە چوار خێزانە زمانی وەکو زاگرۆزی، هیندی ئەوروپایی و هیند و هیتی یە. زمانی کوردی لە ناویان سەر بە خێزانی زمانە زاگرۆزیەکانە. وەکو زمانی فارسی، بەلوجی، پەشتوی، سوندی، ئۆستی، تاجیکی و تاتی وتالیشی.(رەفیق شوانی، 2008: 151)، دەکرێ ئەمە بە قۆناغێک دابنێین لە قۆناغە کۆنەکانی زمانی کوردی، یاخود قۆناغی سەردەمی میللەتانی دامێنی چیای زاگرۆز، بە تێپەڕبوونی کات و گەشە و گۆڕانی بەردەوام گەیشتوەتە ئەم ڕۆژگارەی ئێستا، بە بەڵگەی دەنگ و وشەی هاوبەش لە نێوان زمانی کوردی و زمانی میللەتانی پێشینان ئەوە دەسەلمێنن.
(ئەدمۆندز) دەڵێت: زمانی کوردی لە کۆمەڵەی زمانە ئیرانیەکانی باکوری ڕۆژئاواییەکانە جیاوازە لە فارسی نوێ. زمانی فارسی سەر بە کۆمەڵەی باشوری ڕۆژئاواییەکانە کە ناشاردرێتەوە زۆر بە ئاشکرا بەدەردەکەوێت زمانی کوردی زاراوەیەکی فارسی نییە بەڵکو زمانێکی ئاریای تەواوە و خاسیەت و تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە، زمانێکی پیشکەوتوی زمانە کۆنە ئاریایەکانە. (زبیر بیلال، 1977: 58)

ئەمین زەکی دەڵێت: کوردستان یەکەم نیشتەجێی کۆچەرانی ئاریایی بووە کە لەوێوە بەهەموو جیهاندا بڵاوبونەتەوە لە بەرەبەیانی مێژووەوە نەتەوەکانی زاگرۆز بریتی بوون لە (لولو، گوتی، کاسی سوباری، هوری) یەکان لەسەرخاکی کوردستانی ئەمرۆ نیشتەجێبون. کەواتە بەوئەنجامە دەگەین کە کوردەکان نەتەوەیەکی زۆر کۆنی ناوچەکەن، بەڵگەش بۆ ئەم گوتەیە لێکۆڵینەوەی ڕەگەزی، زمانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جوگرافیەکانی ناوچەکەیە، کەلەم نێوەندەدا فاکتەری زمان لەهەموویان گرینگترە. (بیهزاد خۆشحالی،2008: 238)

ئەم زمانانەی لە نیشتمانی ئاریانەوە سەریانهەڵداوە، گەشە و گۆڕانیان کردوە بڵابونەتەوە، بە شوێنە جیاجیاکاندا، وەکو: کوردستان، ئێران، بەلوجستان، ئازربێجان، ئەفغانستان، تاجیکستان... هتد. هەموو ئەمانە لەگەڵ سێ خێزانەکەی تری کۆمەڵەی ئاریایی، کە کۆمەڵەی خێزانی زمانە ئێرانیەکان و کۆمەڵەی خێزانی زمانە هیندیەکان کۆمەڵەی خێزانی زمانە ئەوروپیەکان سەر بە وڵاتی ئاریانان. ئینجا ئەم گەلانە بەهەر هۆکارێک بێ بڵاوبونەتەوە بەرەو ناوچەکانی تری جیهان، لەوانە ئەوروپیەکان بەرەو ئەوروپا هیندیەکان بەرەو هیندستان گەلانی ئێرانیش بەرەو ئێران و کوردستان بڵاوبونەتەوە.

ئەو تایبەتمەندیە گرنگانەی کە ئەم زمانانە بە یەکەوە دەبەستێتەوە ئەمانەن:

1- بوونی وشەی هاوبەش لە نێوان ئەم خێزانە زمانە کە ئارین.

2- لە یەك ڕەگەزن و هاوسێ و هاوبەش و هاونیشتمانی یەکترن لە ناوچەی ئاریانا لە بنەڕەت و شوێن کەلتوری هاوبەشیان هەیە. (ڕەفیق شوانی، 2008، 12). ڕەگ و ڕیشەی کورد ئەمرۆ لە ڕووی زمانەوە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خێزانی زاگرۆزییەکان و سەر بە کۆمەڵەی زمانی ئارياييین. زۆربەی ئەو میللەتانەی کە لە سەردەمانی زوو لەم ناوچانە ژیاون وەك سۆمەریەکان و لۆلۆیەکان و گۆتیەکان... هتد. ئەم میللەتانە لە شوێنە جیا جیاکانی کوردستان لە دامێنی چیای زاگرۆز بونە، نموونە: لۆلۆیەکان لە ناوچەی شارەزوور و سلێمانی ژیاون، گۆتیەکان لە ئەرابخای کەرکوك و دەورووبەر ژیاون، ئۆرارتۆییەکان لە دەورووبەری (وان) و ئارارات...هتد.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین مێژووی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ (2000) ساڵ پ.ز ئەم زمانە بە درێژایی تەمەنی چوار هەزار ساڵەی خۆی لە چاخی هێلینی لە ژێر کارتێکردنی زمانی ماد، سکیت، کیمیری، ئالان و فەرهەنگی یۆنانیدا کە لە ئاسیای ڕۆژ ئاوادا لە ڕووی سیاسی و ئاینیەوە باڵادەست بوە، ڕێبازی کامڵبونی خۆی بریوە. (بیهزادخۆشحاڵی، 2008: 39)

نیشتەجێبوونی نەتەوە هێند و ئەوروپیەکان لە ناوچەی زنجیرە چیاکانی زاگرۆز بوە هۆی سەپاندنی خەسڵەتی ئاینی و نەتەوەیی خۆیان بەسەر ئەو ناوچانەدا و دروستبوونی گەڵێگ زاراوەی وەک میتانی، کاسی... هتد لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچە کوردنشینەکان تا ماوەیەکی زۆر ئاین و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەلتوری خۆیان پاراستوە، جگە لە گۆڕانێکی کەم نەبێت، بەڵام بە تێکەڵبوونیان بۆ ماوەی چەندین هەزار ساڵ بڵاوبونەوەی هەریەک لەم گەلانە بۆ ناوچە جیاجیاکانی تر گۆڕانکاری لە کەلتور و شارستانیەتی دانیشتوانی ئەم ناوچانە داهاتووە بە تێکەڵاوبوونیان زمانی جیاواز و نوێ بۆ ئەم ناوچانە خوڵقاندوە، کە گومانی تێدا نییە بنچینەکەیان زمانی کوردیە. بەم جۆرە زمانی کوردی یەکێکە لە ڕەسەنترین و دەوڵەمەندترین زمانەکانی جیهان نەک هیچی کەمتر نیە لە زمانەکانی جیهان، بەڵکو بە بەردەوامی وەک خەزێنەیەک وابووە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانانی تر بەکارهێنراوە بە بەڵگەی دۆزینەوەی چەندین وشەی ڕەسەنی کوردی لەناو زمانانی دراوسێ و زمانانی بیانی بۆ نموونە: وشەی (بەگ) وشەیەکی کۆنی کوردیە بە مانای ( مەزن ، گەورە ، خوا ) دێت لە زمانی تورکیدا بەرامبەر ئەم وشەیە وشەی (buyak) هەیە، کە ڕەگ و ڕیشەکەی لە زمانی کوردیەوە وەرگیراوە، لە زمانی ئینگلیزیش وشەی (big) بە واتای گەورە دێت، لە زمانی ڕوسی وشەی ( بۆگ ) بە مانای خودا دێت، هەروەها وشەی ( بێگم ) لە زمانی هیندیدا بۆ پایە بەرزەکان بەکاردێت.

## 2. 4 زمانی ئاڤێستا

زمانی ئاڤێستا یەکێکە لە زمانە کۆنەکان لە خێزانی زمانە زاگرۆزیەکانە و سەر بە کۆمەڵەی زمانی ئاریایەکانە بە کۆنترین سەرچاوەی زمانی کوردی دادەنرێت کە لە ڕووی مێژووییەوە گەشە و گۆڕانی کردوە لەگەڵ زمانی (مادی) دا مێژوویان زۆر کۆنە کە بەڵگەی نوسراویان لێ بەجێماوە.

لێرەدا بەشێك لە بۆچونی زماناسان و لێکۆڵەران دەخەینە ڕوو کە لە بارەی زمانی ئاڤێستاوە خستویانەتە بەر دەست.

زوبێر بیلال لە کتێبی مێژووی زمانی کوردی دەڵێت: زمانی ئاڤێستای زەردەشت زمانی کوردی ئێستا و ( مید) ی پیشوو ترە، زمانی کوردی پێچەوانەی زمانی فارسی تیکەڵاو نەبوە بە وشەی نامۆ، بەڵکو هەمو کار و دەربرینەکانی خۆی پاراستوە، واتە زمانی کوردی پارێزگاری لەو پەیوەندییە توندوتۆڵە کردوە، کە بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی ئاری زیاتر لە زمانی فارسی، کە هاوسێ بوە. (زوبیر بیلال، 1977: 28)

محەمەد ئەمین هەورامانی دەڵێت: زمانی کوردی ئەمرۆ بەسەرپاکی شێوەزارەکانیەوە، نەوەی نوێی زمانی ئاڤێستایە و ئەویش زمانی دینی و شارستانیەتی میدیەکان بووە ئەمیش زمانی هۆزەکانی (ئیریەن ڤاج) بوە کە لە کوردستانی ئەمرۆ نیشتەجی بوون. (محەمەد ئەمین هەورامانی،1988 :4)

مێژوونوسانی کورد لەوانە: تۆفیق وەهبی و ئەمین زەکی ومحەمەد ئەمین هەورامانی ...بە بەراورد کردنی زاراوەکانی زمانی کوردی و ئاڤێستا بڕوایان وایە کە زمانی کوردی نزیکترە لەزمانی ئاڤێستا بە بەراورد لەگەل زمانی فارسی

ڕەفیق شوانی دەڵێت: ئاڤێستا زمانی کتێبی پیرۆزە کۆنترین زمانی خێزانی زاگرۆزیەکانە لە ڕووی گەردانی زمانیەوە ئاڤێستا لەو زمانانەیە کە ناو و فرمان و ڕاناوەکانی گەردان دەکرێت، چەشنی جۆراو جۆری بنەمای ناو و فرمانی هەیە، چونکە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئاڤێستا لە سەردەمی جیاواز و لەسەر خاکی جیاواز پەیدابونە. لەم ڕووەوە زمانی ئاڤێستا قۆناغی دێرینی زمانی کوردییە لە سەردەمی دەوڵەتی میدیا و زەردەشت لە سەدەی ( 7.پ.ز) دا. (ڕەفیق شوانی، 2008: 23)

هەروەها بۆچونێك لە بارەی زمانی ئاڤێستا هەیە کە بەشێك لە ڕۆژهەڵاتناسان لەو باوەڕەدان ئەگەر ئاڤێستای زمانی مادی نەبێت ئەوە زارێکی ئەو زمانەیە، چونکە یەکەمین پەرتوك کە بەزمانی کوردی نوسرابێ لە لایەن زەردەشتەوەیە کەناوی ئاڤێستایە ئەم پەڕاوە پەڕاوێکی ئاینییە دەبێتە بناغەی دروستبوونی زمانی کوردی.

(( زمانی کوردی لە دەوڵەتی میدی زمانی دەوڵەت بو لەو لاشەوە زمانێك هەبوە، کە زەن دەبری زمانی ئاڤێستای سەردەمی زەردەشت بوە، زمانی ئاینی دەوڵەت بوو، بە حوکمی ئەوەی ئەوسا (ئاین) دەقێکی نوسراو بو ئەو دەقەش ئاڤێستا بو.)) ( سەلام ناوخۆش، 2012:12)

وەك پیشتر ئەوەمان ڕونکردەوە کە ڕەچەڵکی زمانی کوردی دەگەرێتەوە بۆ میللەتانی خێزانی زمانە زاگرۆزیەکان ئەو میللەتانەی کە لە دامێنی چیاکانی زاگرۆز نیشتەجێ بوون وەك گوتی و سۆمەری و ئورارتوی و لۆلۆیەکان لە دوای قۆناغی زمانە زاگرۆزیەکان ئینجا قۆناغی دەوڵەتی ماد و زمانی ماد هاتەکایەوە کاتێك هەموو نەتەوەکانی تر لە ناو ئەو دەوڵەتە توانەوە بە هۆی هێز و دەسەڵاتی دەوڵەتی ماددەکان. هەر لەگەڵ ئەم قۆناغەدا زمانی ( ئاڤێستا)ش بە یەکێک لەو زمانانە دادەنرێت کە میللەتانی خێزانە زمانی زاگرۆزیەکان بەکاریانهیناوە لەگەڵ میللەتانی تری ئاریایی، کە نیشتەجێبوون و پێکەوە

ژیانی ئەم میللەتانە لە ڕۆژگارێکدا و لەسەر خاکێکدا بەیەکەوە خەسڵەتی هاوبەش لە زمان و زاراوەیان شتێکی حاشا هەڵنەگرە لە ئەنجامی تێکەڵاوی ڕەگ و ڕیشەی زمان و زاراوەیان وشەی هاوبەشیان زۆرە. هەرچی سەبارەت بە وشەی ( ئاڤێستا) یە لە دەقە جۆراوجۆرەکاندا بە چەند شێوەیەك هاتوە وەك ( ئەوێستا، ئوستا، ئەفستا، پستلك، ئەوێستاك) بەڵام ئەوەی کە زیاتر بەرچاودەکەوێت لە دەقە کۆنەکاندا هاتووە هەمان وشەی ئاڤێستایە. زۆربەی ئاڤێستەناسان دوو واتایان بۆ وشەی ئاڤێستا دیاریکردووە.

یەکەم / بە واتای ( پایە و بنەما ) ، یان ( پایە و بنەمای ئاینی )

دووەم/ ئەوێستا بە واتای زانست و زانیاری.

ئەوەی کە زیاتر بە ڕاست دادەنرێت دووەمەکەیەتی، چونکە لە کوردیدا بەزانایانی ئاینی دەڵێن: مامۆستا، کە لە دوو بڕگە پێکهاتووە (ما)، کە لە ئاڤێستایی بە واتای (ئێمە) دێت، (ڤێستا یان وێستا) بە واتای ڕابەر دێت، کۆی وشەکە واتە: (مامۆستا) بە ئاڤێستایی بە واتای (ڕابەری ئێمە) دێت.

ئەم جیاوازیانەی، کە لە وشەی ئاڤێستاوە بەدی دەکرێت لە دەقە جۆراوجۆرەکاندا زیاتر لە دەنگەکاندا دیارە بەزیادبونی دەنگێک یان تێچوون و سوانی دەنگێک دەبی لەبەر ئەوە لە چوارچێوەی یاساکانی دەنگی زمانی کوردیدا تاوتوێ دەکرێت، کە هەڵگێر و وەرگێری ئەم زاراوانەی پێدەکرێت، کە شێوەی سەرەتاییان لە کۆنە نوسراوەکاندا تۆمار کراوە دوای ئەوەی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە لە زمانی کوردیدا لە ئێستادا بەم شێوە بەکاردێت.

## 2.5 ئەوبەڵگانەی دەیسەلمێنن کە زمانی ئاڤێستا شێوەی کۆنی زمانی کوردییە

بەشێك لە ڕۆژهەڵاتناسان ئاڤێستاناسانی ئێران زمانی ئاڤێستا بەزمانی فارسی ناوزەد دەکەن، بەڵام بە بەراوردکردنی زاراوەکانی زمانی کوردی و ئاڤێستایی دەتوانین بیسەلمێنین کە زمانی ئاڤێستایی شێوەی کۆنی زمانی کوردییە و چەندین بەڵگەی ڕون و ئاشکرا بخەینەڕوو بۆسەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە هەمو تاکێك پێویستە بیزانی.

1- سیمای کوردانەی خەت و ئەلف وبێی ئاڤێستایی ئەوەیە بە پێچەوانەی فارسیەوە سەر و ژێر و بۆری بە (پیت) دەنوسری نەك بە (هێما). ( ئیدریس عبدوللا- نەریمان، 2010: 93)

2- پیتی ( ز ) لە ئاڤێستایی و لە کوردیدا :

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە زمانی کوردی و بە تایبەت لە هەورامیدا دەنگی / ز / لەگەل وشەکانی هاوتای خۆی لە ئاڤێستاییدا یەکدەگرێتەوە. واتە لە زمانی کوردیدا بە گشت شێوەزاریەکانیەوە پیتی (ز) هەروەکو شێوەزاری ئاینی (ئاڤێستای) و شێوەزاری گشتی مادی گۆ دەکرێ، کەچی ئەم پیتە لە فارسی کۆنداو لە فارسی نویدا بە( د) گۆ دەکرێ ( فازل ئوسولیان، 2105: 175)

نمونە:

| ئاڤێستای | هەورامی | کوردی ناوەراست | فارسی |
| --- | --- | --- | --- |
| زانا | زانا | زانا | دانا |
| بەرزیا/ بەرزاهی | بەرزی / بەرزایی | بەرزی/ بڵندی | بڵندی |

3- شێوەی دروستکردنی ناوی بکەر لە کوردی و ئاڤێستایدا وەکو یەکن، بۆ نموونە لە ئاڤێستادا بە دەیان جار وشەکانی (تاشەر) لە چاوگی ( تاشان) بە واتای دروستکەر هاتووە چەندانی تر لەم جۆرە، واتە لە ئاڤێستادا ناوی بکەر لە( رەگی چاوگ + ەر) دروست دەبێ لە کوردیشدا هەر وایە (فازل ئوسولیان، 2105: 177)

| ئاڤێستای | هەورامی | کوردی ناوەراست | فارسی |
| --- | --- | --- | --- |
| تاشەر | تاشەر | تاشەر | تراشنده |
| داتەر | داتەر/ دادەر | بدەر / دادەر | دهنده |

4- بونی دەنگی / ڵ= L/ ی قەڵەو و لاواز لە زمانی فارسی کۆندا بەڵام نەبونی لە ئاڤێستادا.

جگە لەو سەرەنجدانێك لەو دەنگە / ر/ انەی، کە لە ناوچەی هەولێر و خۆشناوەتی دا بەکاردێن و گۆڕینیان بە دەنگی / ڵ= L / قەڵەو و لاواز لە لایەن خەڵکی ناوچەکانی شارەزوور و هەورامان و شێوەزارەکانی دیکە. بڕوامان بۆ ئەوە دەبات کە دڵنیا بین لە وەی دەنگی / ڵ= L/ ی لاواز لە زمانی کوردی کۆندا نەبوە هەروەك لە ئاڤێستاشدا نیە، کەواتە بونی هەندێ دەنگ لە ئاڤێستادا و نەبونی ئەو دەنگانە لە فارسی کۆندا یان بە پێچەوانەوە بڕوامان زۆر پێیەوە قایم و ئەستور دەکات بەوەی کە هەر یەکێک لە وانە زمانێکی سەربەخۆ بوبی (محمد ئەمین هەوارمانی، 1988: 4)

5- زۆربەی زۆری ڕەگ و قەد لە گاتەکاندا و لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا لە زۆرشت یەکدەگرنەوە بەجۆرێک، کە هەندێکیان سەرانسەر و دەقا و دەق بێ زیاد و کەم وەك یەکن و هەندێکیشیان، بەهۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر هۆیەکی دەوروبەرییەوە بووبێت، کەم کەمە لە یەکتری لایان داوە ئەمەش بەڵگەیەکی پتەو و بەهێزی دیکەیە بۆ بونی پەیوەندیی نێوان گاتەکان و زمانی کوردی ئەمرۆ کە شێوەی هەنگاوی پلەی برگەداری بەرەو بەرزایی دەگریتەخۆ.

نمونە/ ( قەد = Stam ) ( ئەزا = aza ) ئەم قەدە تەمەنێکی دوروو و درێژی بە سەر بردوە، ئەمرۆیش بە زۆری و فراوانی بەکاردێت، وەك وشەی ( ئەزامی – azami) لە ئاڤێستادا هاتووە و لە کوردی ئەمرۆشدا وشەی ئازا = aza ) بە هەمان واتاوە هەیە و پارێزگاری هەمان ئاوازیشی کردوە. (محمد ئەمین هەورامانی، 1988: 11)

6- ئامرازی (ما) ( ma ) وەك نیشانەی نەرێکردن لە گشت فەرهەنگەکانی ئاڤێستایدا نیشانەی نەرێکردن ( نهی ) وەك (ما) (ma) دەستنیشانکراوە لە کوردیشدا هەر وایە لە شێوەزاری هەورامی ئەم نیشانەیە وەکو خۆی ( ما) ماوەتەوە بەڵام لە شێوەزارەکانی تری کوردی وەك ( مە) بە کاردێت. ( فازل ئوسولیان، 2015: 178)

| ئاڤێستای | شێوەزاری هەورامی | کوردیی ناوەراست | فارسی |
|---|---|---|---|
| ما واچا | ما واچا | مەبیژە ، مەلی | نگو- مگو |
| ما وانا | ما وانا | مە خوێنە | نخوان |
| ماسڕا | ماسڕا | مەسڕە | پاك نكن |

7- پاشگری ( یەتی) ( ایەتی ) iti

یەکێ لە نیشانەکانی ناوی چاوگ لە کوردیدا ( یەتی، ایەتی ) لە ئاڤێستاشدا ئەم نیشانەیە هەر وەك کوردی وایە نموونە/ لە کوردیدا دەڵێن: ڕەشیەتی، سپیەتی، دۆستایەتی، مەردایەتی لە ئاوێستادا بە دەیان و سەدان جار ئەم جۆرە نیشانەیە بە هەمان واتا و شێوەزاری کوردی هەیە.

نموونە:

| ئاڤێستا | هەورامی | کوردیی ناوەراست | فارسی |
|---|---|---|---|
| دوش- یەتی | دوژیەتی | دژیەتی | جیاتی |
| فرا بارا – یەتی | فرەباریەتی | فرەباریەتی | فریباریتی |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وشەی ( فرا) ئاوەڵکارێکی تایبەتی زمانی ئاڤێستایی و کوردییە لە شێوەزاری هەورامی ( فرا ) وەکو خۆی گۆ دەگرێ بەڵام لە شێوەزارەکانی تر بە ( فرە ) بە کاردێت. (فازل ئوسولیان، 2015: 180)

هەروەها (مسعود محەمەد) لەم بارەیەوە نوسیویەتی دەلێت: لە وشە هاوبەشانەی کە لە نێوان زمانی کوردی و فارسی، ئەوانەی سەرچاوەیان بۆ ئاڤێستا دەگەڕێتەوە، ئاڤێستاییەکان زیاتر لە کوردیەوە نزیکن نەك فارسی ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

أ- بە بەڵگە و پاساوی ئەوەی زمانی فارسی لەگەڵ زمانی ئاڤێستا جیاوازە، بەڵام بۆ زمانی کوردی ئەمە نەسەپاوە.

ب- پێغەمبەری ئاڤێستا کورد بوە لە پێناوی بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی بۆ دەرەوەی هۆزەکەی خۆی کۆچی کردوە. (مسعود محمد، 2008: 41)

ئەم جۆرە دەرئەنجامە پێمان دەڵێت، کە زمانی نوسراوی ئاڤێستا زمانی کۆنی هەمەلایەنەی کوردە و ڕەنگدانەوەی هەرە زیندووی ئەم زمانە کوردیەیە لە ئێستادا نەتەوەی کورد قسەی پێدەکات، هەروەها زمانی ئاڤێستا لە کوردستان هەمان ڕۆڵی ئەو زمانە سانسکریتیە دەبینێ، کە کتێبی ڤیدای پێ نوسراوەتەوە، کە کتێبی پیرۆزی ئاینی و بەڵگەی دەقی نوسراوی کۆنی زمانە هێند و ئاریەکان و زمانی هیندۆکانی هێندستانە بەهەمان شێوە کتێبی ئاڤێستا کۆنترین بەڵگەی نوسراوە، کە ئاینی زەردەشتی پێ تۆمارکراوە ناوی کەس و شوێنی جوگرافی ئەو نەتەوانەی، کە لە کۆنە نوسراوەکاندا هاتوون لایەنگری ئەوە دەکەن، کە جگە لە زمانی کوردی ئێستا و ئاڤێستای کۆن هیچ زمانێکی تر لە ناوچەکەدا نیە میراتگری ئەم زمانە و خاوەنی ئەم پێکهاتە زمانیە دەوڵەمەندە بێت، کە دانیشتوانەکەی بەشێوەیکی پێشکەوتووتر هەر ئەم زاراوانەیان تا ئەمڕۆ بەکارهێناوە.

## 6 .2 پیتەکانی زمانی ئاڤێستا

بیرو ڕای جیاواز لە سەر ژمارەی پیتەکانی زمانی ئاڤێستا هەیە واتە هەندێك دەڵێن: (61) پیتە هەندێکی تر دەڵێن: ( 36) پیتە بەشێکێشیان بە چل و چوار پیتی دادەنێن بەهەمان شێوە لەسەرخەتی ئاڤێستا مشتومری جیاواز دەبینرێ.

خەتی ئاڤێستایی لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنوسری پێکهاتووە لە (44) پیت سەر و بۆر و ژێر بە پیت دەنوسرێ کەم و کورشی زۆری تێدا نابینرێ، پەرتوکی ئاڤێستا بەم خەتە نوسراوە. سەرجەم زانایان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆرهەڵاتناسان لایان وایە کە زمانی ئاڤێستایی هەر ئەو زمانەیە کە مادەکان قسەیان پێکردوە. (سدیق بۆرەکەیی، 2008: 19)

خەتی ئاڤێستایی بە شێوە ی پیت نوسراوەتەوە پێی دەوتری پیتی ئاڤێستای ( 60) پیتە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنوسرێت، لە کاتی خۆیدا لە سەر پێستی گادا نوسراوەتەوە.( ڕەفیق شوانی، 2001: 95)

بۆ ئەوەی زۆر تر رۆشنایی بخرێتە سەر ئاڤێستا پەنا دەبەینە سەر بەرهەمەکانی مامۆستای ئاڤێستاناس ( کاڤاسجی ئادۆلجی کانکا) [Kavasji Edulji Kanga] کە دو فەرهەنگی بە زمانی ئاڤێستا- ئینگلیزی، ئینگلیزی – ئاڤێستایی لە ساڵی 1919 بە چاپ گەیاندوە، ئەگەر چی هەر یەك لەو دو فەرهەنگە نزیکەی ( 25000) وشە لەخۆدەگرێ، بەڵام ئەو جیاوازی زمان و سەردەم و ئاڵوگۆری بۆچونی پێوە دیارە. لە فەرهەنگی ئاڤێستای- ئینگلیزی مامۆستا کانگا بەم شێوەی خوارەوە ئەلف و بێی ئاڤێستای داڕشتوە. ( http://ferheng.info )

| | | |
|---|---|---|
| e | ئە | 𐬈 |
| a | ئا | 𐬀 |
| i | ئی | 𐬌 |
| ii | ئیی | 𐬍 |
| u | ئو | 𐬎 |
| û | ئوو | 𐬏 |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| ê | ئـێ | |
| êê | ئـێـێ | |
| o | ئۆ | |
| oo | ئۆۆ | |
| an | ئان | |
| k | ك | |
| x | خ | |
| n | ن | |
| p | پ | |
| f | ف | |
| b | ب | |
| m | م | |
| y | ی | |
| Z | ز | |
| T | ت | |
| T | ت | |
| th | ث | |
| d | د | |
| dh | ذ | |
| x | خ | |
| g | ک | |
| | غ | |
| Ç | چ | |
| J | ج | |
| Zh | ژ | |

مێژوونوسان دەڵێن: ئاڤێستا لەسەر 12000 پارچە لەسەر پێستی چێڵ نوسرابوو، بەڵام لە چەندین ڕوداودا کەمێکی لێ ونبوە 38000 وشەی لێ ماوەتەوە هەندێک سەرچاوەش دەڵێن 345700 وشە بووە لە 11 بەش پێکهاتووە. https://ckb.m.wikipedia.org

زمان و ڕێنووسی ئاڤێستا هەر چۆنێک بوو بێ زمانی دێرینی نەتەوەیی و ئاینی هێند و ئاریەکانە بە یەکێک لە کۆنترین زمانانی ناوچەکە دادەنرێت، کە نوسراوی هەبێت و تاوەکو ئێستا ڕەگ و ڕیشەی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشێک لە زمانەکاندا بەکاربهێنرێت لە ڕوانگەی زمانناسیەوە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ زمانەکانی هیند و ئاری هاوشێوەی زمانی سانسکریتی و زمانی لاتینی مێژوویکی یەکجار دێرینی هەیە.

## 3. تەوەرەی دووەم

### 3 .1 شێوەزاری ئاینی زمانی ئاڤێستا

ئاڤێستا بریتیە لە چەندین دەقی نوسراو لە سرودی ئایینی جیاواز لە ئەفسانە و ڕێ و ڕەسمی ئاینی و مەزهەبی، کە ئاینی زەردەشتی پێ نوسراوەتەوە.

زمانی ئاڤێستا بریتیە لە کۆمەڵە دەقێکی ئاینی، سرودی زەردەشت لە (21) سرود پێکهاتووە لە لایەن زەردەشت خۆیەوە وتراوە و نوسراوەتەوە، گەورەترین بەش بە ( گاتا) ناسراوە لە پێنچ بەشی دی پێکهاتووە .(ڕەفیق شوانی2001،: 95)

(ئاڤێستا) کتێبی پیرۆزی ئاینی زەردەشتی بە مانای ( بنەما و بنیاتنان) هەروەها ( داڵدەدان) و تەنانەت بە مانای ( فێربونی زانست) یش هاتوە، کتێبەکە سەرجەم بنەما و بیر و باوەڕ و ڕێنمایەکانی ئاینەکەی لەخۆگرتووە بە واتایەکی تر ( ئاڤێستا) سەرچاوەی بیر و باوەڕی ئایینەکەیە وەك کتێبێکی پیرۆزی ئاسمانی لای پەیرەوانی ناسراوە. ئەم ئایینە لە سەر دوو بنەمای بەهێز بنیاتنراوە.

یەکەمیان ( ئاهورا مازدا) بە مانای ( خودای چاکە) یە

دوەمیان (ئەهریمەن) بە واتای ( هێزی شەڕ).

سەرجەم پەیڕەوانی ئەم بیر و باوەرە باوەڕیان بە هەر دوو هێزی سروشتی (چاکە)و(خراپە) هەبوە و هەیە (زەردەشت)یش لە سەر ئەم بنەمایە بانگەشەی بۆ بیر و باوەڕەکە کردوە. (کەیوان ئازاد، 2017: 4)

زەردەشت لە ئاڤێستادا خەڵك بۆ پەرستنی خوای تاك وتەنیا (ئاهورامەزدا) بانگ دەکا و داوا لەخەڵك دەکا کە قسەو بیر و کردەوەیان چاك بێ و هەرکەسێك دەبێ خەریکی کارێك بێ و لە تەمبەلی و تەوەزەلی خۆی بپاریزێت.

بەشێك لە مێژوونوسان وخۆرهەڵاتناسان باس لەوە دەکەن کە زەردەشت لە ئازەربیجان سەریهەڵداوە پەڕاوی ئاڤێستاشی بە زمانی زگماکی خۆی نوسیوە کە لەگەڵ زاراوەی (گۆران)ی ئێستا جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە .ئاڤێستای کۆن نەماوە و لەناوچوە ،بەڵام ئەو ئاڤێستایەی کە هەیە و لەناو زەردەشتیەکاندا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باوە لە پێنج بەش پێکهاتووە لەوانە (یەسنا ،یەشتەکان ، ویسپەرد، وەندیداد، خوردەئاڤێستا ). (سدیق بۆرەکەیی، 2008: 11)

کەواتە ناوەرۆکی کتێبی پیرۆزی ئاڤێستا لە سرود و دەقی ئاینی جیاواز پێکهاتووە. کە کتێبێکی پیرۆزی ئاینی زەردەشت بوە و کە دەتوانین بە کۆنترین شێوە زمانی کوردی دابنێین. هەر چەندە ئاڤێستا ناسان و زمانزانان باس لەوە دەکەن کە شێوە کۆنەکەی زمانی ئاڤێستا کە بە زمانی ئاڤێستای کۆن نوسراوەتەوە نەگەیشتۆتە دەستمان. چونکە دوای هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ سەر ناوچەکە کتێبی ئاڤێستا سوتێنراوە لە لایەن هێرشکەران بۆ سەر کوردستان فەوتێنراوە ئەوەی کە هەیە وێنەی دووەمی ئاڤێستایە کە لە سەردەمی ساسانیەکان دووبارە نوسراوەتەوە.

### 2.3 بەشەکانی ئاڤێستا

کتێبی ئاڤێستا لە دوو بەشی گەورە پێکهاتووە بەشی یەکەمیان بە ( ئاڤێستای گەورە) و بەشی دووەم بە ( خورد ئاڤێستا) واتا ئاڤێستای بچوك ناسراوە بە پێی بەسەرهات و باسە زەردەشتیەکان هەر دوو بەشەکەی ئاڤێستا لە 21 پارچە پێکهاتووە.

لێرەدا بەشەکان دەخەینە ڕوو.

1- ئاڤێستای گەورە لە سێ بەش پێکهاتووە:-

أ- یسنا: دیاکونوف بەم شێوەیە باسی یەسنا دەکات (( ئامۆژگاریە ڕیکخراوەکان کە لە بارەی زمانەوە کۆنترین بەشی ئاڤێستایە ئەمانە بەشێکن لە [یسنا]. ئەم ئامۆژگاریانە ئەوانەن کە پێیان دەڵێن [گاتا]- گاتاکان- وە بریتین لە کۆمەڵە ئامۆژگاریەکی کێشداری ئاینی و کۆمەڵایەتی کە قسەی لە شێوەی پیغەمبەرانی تەوراتمان دێنێتەوە یاد.

ب- ڤیسپارد: کۆمەڵێك درود و ستایش و ڕێزگرتنی ئاهورا مەزدای تێدا تۆمار کراوە.

ج- وەندیدا: یاسا و دەستوری ئاینەکەی تێدا تۆمار کراوە.

2- ئاڤێستای بچوك ( خورد ئاڤێستا) لە دوو بەش پێکهاتووە.

أ- یشتا: کۆمەڵە سرود و وتارێك کە هەندێ لەوانە بۆ خواوەندەکان وتراوە. (دیاکونوف، 1978: 80)

ب- خورد ئاڤێستا: ڕێزگرتنی فریشتەکان و چۆنیەتی ئەو ڕێزگرتنەی تێدا تۆمار کراوە.

لە نێوان ئەو پێنچ بەشە سەرەکیە ( یسنا، ڤیسپارد، وەندیداد، یشتا، خوردە ئاڤێستا) یە

(یسنا ) گەورەترین بەشیانە کە لە حەفتا بەش پێکهاتووە لەم بەشەشدا ( گاتا ) کان هاتووە کە سرودە ئاینیەکانی لە خۆ گرتوە لە پێنچ بەش پێکهاتووە.(کەیوان ئازاد، 2017: 5)

ئەمە سەرەرای ئەوەی کە کۆی گشتی کتێبەکە لە سەر سێ بنەمای سەرەکی دامەزراوە ئەوانیش ( بیری چاك، وشەی چاك، کرداری چاك)ن. کەواتە ئاڤێستا وەك سەرچاوەی ئاینەکە کۆمەڵێك بنەمای بە نرخی تیدا تۆمار کراوە بە مەبەستی هاندانی پەیرەوکەرانی بۆ خودا پەرستی و جێبەجێکردنی سەرجەم رێنمایی و ڕاسپاردەکان.

هەروەها بەشێك لە پەرتوکی ئاڤێستا بە ناوی گاتاکان بە هۆنراوەی هیجایی هۆنراوەتەوە کە هی زەردەشتە کە وابوو زەردەشت بە یەکەمین هۆنەری کورد دەژمێردرێ. (سدیق بۆرەکەی، 2008: 12)

ئەمەش نمونەیەك لە هۆنراوەکانی ئەوە کە دەڵێت:

یەممە خشتەر ئاورووەمە                    نویت ئەوتەم ئانهە نویت گەرمم

نویت زوورووو ئانهە نویت مرتیوش          نویت ئەرەسکود دیوە ئەو داتوو

واتە:

لە پادشای جەمی بەناوبانگ           نەسەرما بوو نە گەرما

نە پیری بوو نە مەرگ                   نەقر نوسی و رژدی دیوان   (سەرچاوەی پیشوو)

ئەگەر سەرنجێك لەم دەقە نوسراوە بدەین هەندێک لە وشەکانی وردبینەوە دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین، کە بەشێک لە وشەکان ببستینەوە بەو وشانەی، کە لە ئێستای زمانی کوردی بەکاردەهێنرێت بە گۆڕانکاریەکی کەم لە تێچوونی دەنگ و زیادبوونی هەندێک دەنگی تر، ئەمەش بە تێپەربوونی کات ئەم گۆڕانانە ڕودەدەن وەک وشەکانی ( نویت، گەرم، مرتیو، داتوو ) ڕەگەکانیان هاوبەشن نزیکیەکی تەواو لە نێوانیان هەیە لەگەڵ وشەکانی ( نیە، گەرم، (مەرگ، مردن)، دیوان )، کە لە ئێستای زمانی کوردیدا بەکاردێن.

### 3.3 پەیوەندی نێوان زمانی ئاڤێستا و زمانی هەورامی

نوسراوە کۆنەکان و ڕێنووسی بەڵگەنامەکانی هەورامان سەرمایەکی مەزنن بۆ بەدواداچوون و خستنە رووی ڕووداوە مێژوویەکان لە ناویاندا بە فاکتەرێکی گرنگ دادەنرێن، بۆ زانینی بنەچەی زمانی کوردی ئەمڕۆ، کە نیشانە گەلێک لەسەر پیتەکانی زمانی هەورامی هەن بە دەستکاریەکی کەم لە زمانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاڤێستایی بەدیدەکرێن. بەر لەوەی باس لەم وردەکاریانە بکەین ئەگەر سەرەتا باس لە وشەی (هەورامان) بکەین بیر و ڕای جیاواز دەبینین لەسەر ناوی هەورامان لەوانە:

محمد ئەمین هەورامانی لە کتێبی ( ڕەسەنایەتی زمانەکەت بناسە ) بەم شێوەیە باس لە ناوی هەورامان دەکات: وشەی هەورامان لە دو بەش پێکهاتووە (هەورا + مان) وشەی (هەورا) لە وشەی (ئاهورا= ئەهورا) هاتوە بە واتای خوای گەورە دێت، پاشان بەرەو سواندن چوە بە جۆرێک هەندێ جار شێوەی ( هورمز) یشی وەرگرتوە. وشەی (مان) پاشبەندێکی زمانی مادیە بە واتای (جێگا) دێت یان (وڵات، مەڵبەند، نیشتمان). بەم پێیە واتای وشەی هەورامان دەکرێ واتای ( مەڵبەندی هورمزیان) بگریتەوە یان ( نیشتمانی ئەهورا مەزدەیەکان ) بێت. بیر و ڕای تریش هەیە کە (هورمزیەکان) بۆ ماوەیەکی زۆر درێژخایەن مەڵبەندیان هەورامان بوە، بۆیە هەورامان لە وەوە سەرچاوەی گرتووە، بە تێپەڕبوونی کات وشەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە بوە بە هەورامان. بەم جۆرە خودی وشەی هەورامان بنەچەکەی دەگرێتەوە بۆ سەر زمانی مادی و زمانی ئاڤێستا.

شێوەزارەکانی ئاڤێستای کوردی و بە تایبەتی هەورامی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ زمانی ئاڤێستایدا و، زۆر لە وشەکانی ئاسایی و بە تایبەت چاوگی وشەکان هەروەکو خۆیان ماونەتەوە. زمانی ئاڤێستایی دایکی شێوەزاری هەورامیە، ئەم ڕاستیە دەبێ هەموو کەس بیزانێ کە تەنیا بە پشت بەستن بە زمانی کوردی شێوەزاری هەورامییە کە دەکرێ وەرگیرانێکی ڕاست و زانستیانە لە زمانی ئاڤێستایی بکرێ.

لە بەر ئەوەی شێوەزاری هەورامی کەمتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری زمانەکانی دی و لەلایەکی تریشەوە وەك پێشاندەدرێت کە هەورامیەکان نەوەی ڕاستەقینەی مۆغانی زەردەشتن بۆیە شێوەزاری هەورامی لەگەڵ ئەوەی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە زمانی ئاڤێستاوە لە هەمان کاتدا کەمترین گۆڕانیشی بە سەردا هاتوە. ( فازل ئسولیان، 2015: 171)

لێرەدا ئەو بەڵگانە دەخەینە ڕوو کە زۆر بە زەقی نیشاندەدەن کە هەورامی و ئاڤێستایی هەردووکیان یەك زمانن.

1- گۆکردنی دەنگی / خ / بۆ / و / یان / هو/ ( hv /xv) لە ئاڤێستا و لە هەورامیدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنگی پیتی (خ) لە شێوەزاری ئاڤێستایدا ئەگەر پێش پیتی ( ۆ، و، وو) بکەوێ ئەوە دەنگی / خ / لە وشەکە دەگۆڕێت پیتێك لە نێوان (ە ) و ( و) دایە. لە هەندێك لە فەرهەنگەکانی ئاڤێستا نیشانەی (hv) و نیشانەیەك وەك (xv) بۆ ئەم دەنگە دانراوە نموونە/

| ئاڤێستای | هەورامی | کوردی ناوەراست | فارسی |
|---|---|---|---|
| وەر / هۆر | وەر / هۆر | خۆر | خورشید |
| وەشیەتی | وەشیەتی | خۆشیەتی | خۆش بودەن |
| ویم | ویم | خۆم | خودەم |

2- گۆکردنی دەنگی / ج / بۆ / ی / لە ئاڤێستایی و هەورامیدا. لە زمانی ئاڤێستاییدا هەندێجار دەنگی / ج / کە لە سەرەتای وشەکەدا دێت دەگۆڕێت بۆ / ی / لە هەورامیشدا هەر وایە نموونە/

| ئاڤێستای | هەورامی | کوردی ناوەراست | فارسی |
|---|---|---|---|
| یەم / یەمە | جەم / یەم | جەم | جەم(جم) |
| یاگا / یاگە | یاگا / یاگە | جێگا / جێگە | جایگاە |

3- (n / ن ) / نگ / لە زمانی کوردی و ئاڤێستادا.

پیتی ( n / ن ) بە دەنگی / نگ/ گۆدەکرێ پیتێکە تایبەتە بەزمانی ئاڤێستایی و هەورامی لە فەرهەنگەکانی ئاڤێستادا بە شێوەی جۆراوجۆر نیشاندەدرێ وەك n ئەم دەنگە لە فارسیدا بونی نیە دەنگێکە لە تێکەڵبونی دوو دەنگی / ن / و / گ / پەیدا دەبێ لە نێو لوتدا گۆ دەکرێت نمونە: ( مانگ، هەنگ، ڕەنگ... هتد) لە ئاڤێستاییدا وەك ( یاونگە، یونگە، رەنگە... هتد)

4- جێناوەکان لە ئاڤێستایی و لە کوردی هەورامیدا هەر وەك یەکن، جێناو لە کوردیدا و بە تایبەتی هەورامیدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ ئاڤێستایدا. ئەگەر جیاوازیەك هەبێ تەنیا لە بەر ئەوەیە کە زیاتر لە سێ هەزار ساڵە لە تەمەنی ئاڤێستایی تێپەڕیوە. ئەگەر نا دەقی وشەکان هەر ئەوەیە لە ئاڤێستادا هاتوە.

| ئاڤێستایی | هەورامی | کوردی ناوەراست |
|---|---|---|
| ویم- ویت – ویش | ویم- ویت – ویش | خۆم – خۆت – خۆی |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| ویمان – ویتان – ویشیان | ویمان – ویتان – ویشیان | خۆمان – خۆتان – خۆیان |

مەنا- ئەز/ ئەزم ← من – منم

تویم – تۆم ← تۆ

هۆ/ هەوە ← ئەوە

رەڤە / ئەوە ← ئەوە

ئانا ← ئەمە

ئیدا- ئیدە ← ئەمە

5- هەبونی نێر و مێ لە هەورامی و لە ئاڤێستادا

لە هەورامیدا هەر وەك ئاڤێستایی نەك تەنیا ناوەکان بەڵکو بەشێك لە ئاوەڵناوەکان، جێناوەکان و کارەکانیش دەچنە دۆخی نێر یان مێ یان نێر و مێ. نموونە:

ناوی نێرینە: ( رۆ، رۆژ )، ( ئەسپ)، ( دەس، دەست)، ( ئاسمان)، ( چەم، چاو)،

ناوی مێینە: ( نەما، نیما، نویژ)، ( حەوشا، حەوش)، (نانا، نان)، ( شەوا، شەو)، (دی، گوند)

6- ناوی ئاژەڵەکان لە ئاڤێستایی و هەورامیدا.

لە یەکچوونی ناوی ئاژەڵەکان لە ئاڤێستایی و هەورامیدا ئیتر هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە کە هەورامی هەمان زمانی ئاڤێستایە. ( فازل ئوسولیان، 2015: 172-189 )

| ئاڤێستای | هەورامی | کوردی ناوەراست | فارسی |
|---|---|---|---|
| وارازا | وەراز | بەراز | خوک |
| گاوش | گاو | گا | گاف |
| (ئەسپە- ئەسپا) | ئەسپ | ئەسپ | اسپ |
| کەرك | کەرگ/ کەرگی | مریشك | مرغ- ماریوشک |
| ژوژا | ژووژوو | ژروو/ ژیشك | ژیش |
| بزا | بزە | بزن | بز |

## 3. 4 ئیتمۆلۆژیای ئەو زاراوانە ی لە ئاڤێستاوە وەرگیراون

### 3. 4. 1 ئیتمۆلۆژیای ناوی مرۆڤ

ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە بۆ مرۆڤ بەکاردێن لە ئاڤێستادا هەندێك لەو ناوانە بەکارهاتوون لە زمانی کوردی ئێستاشدا هەمان ئەو ناوانە بەکاردێن، بەڵام بە کەمێك گۆڕانکاریەوە، چونکە شتێکی ئاساییە کە زمان بە تێپەڕبونی کات گەشە و گۆڕانی بەسەردابێت، بەڵام بنج و ئەسڵی وشەکە هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

لێرەدا هەندێك لەو ناوانە دەگەڕێنینەوە بۆ ئەسڵ و بنچینەکەی خۆی لە ئاڤێستادا.

1- (ئەسرەڤ) ⟵ ئەسرین

لە زمانی کوردی ئەمرۆ بۆ ناوی مرۆڤ بە کاردێت بە واتای فرمێسك دێت، لە زمانی ئاڤێستادا لە بەرامبەر ئەم وشەیە وشەی ( ئەسرەڤ) بەکارهاتووە کە وشەیەکی ئاڤێستاییە بەهەمان واتای فرمێسك دەدات. ( بیهزاد خۆشحاڵی، 2008: 186)

ئەسرەڤ ⟵ ئەسرین

دەگونجێ گۆڕانەکان بەم شێوەیە لێکبدەینەوە بە تێچونی دەنگی / ە / کە دەنگێکی ناسکە و لە کوردیدا تێچونی ئاسانە هەروەها زیاد کردنی دەنگی / ی / گۆڕانی / ڤ / بۆ / ن /

2- ناهید

ئاناهیتا ⟵ ئاناهید ⟵ ناهید

مانای گشتی ئەم زاراوەیە ڕوناك و پاك، ناوی فریشتەی پاسەوانی ئەستیرەی زوهرە کە سومبلی لاوێتیە بەم ناوە ناسراوە. (سەرچاوەی پێشو: 189)

ئەم ناوە لە ئێستادا بۆ ناوی ( ئافرەت ) بەکاردێت ئەم وشەیە بە هۆی گەشە و گۆڕانی زمان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە گۆڕانی دەنگی / ت / بۆ دەنگی / د / تێچونی دەنگی / ا / لە قۆناغی یەکەم و تێچوونی هەر دوو دەنگی / ئـ / و / ا / لە سەرەتای وشەکە لە قۆناغی دووەمدا.

3- ئاپنك ⟵ ئاهەنگ

ئەم زاراوەیە لە ئاڤێستادا بە مانای ( ئاهەنگ) واتە خۆشی و بەزم بەکارهاتوە (بەهزاد خۆشحاڵی، 2008: 180)

ئەم زاراوەیە لە ئێستای زمانی کوردیدا بوەتە ئاهەنگ کە دەبینین جیاوازیەکی ئەو تۆی نیە لەگەڵ بنچینە و ئەسڵی وشەکە خۆی کە لە ئاڤێستادا بەکارهاتووە.

دەگونجێ بەم شێوەیە لێکدانەوەی بۆ بکەین لە زمانی ئاڤێستا پیتی (پ) بەکارهاتووە، کە لە ئێستای زمانی کوردی ئەمە شتێکی ئاساییە بە هۆی گەشە و گۆڕانی زمان ئەم جۆرە حاڵەتانە ڕودەدات. بۆیە دەکرێ بڵێین: لە شوێنی ئەو دەنگە دەنگی (ە) بەکارهاتووە لەگەڵ زیاد کردنی ( ە ) بە مەبەستی ئاسانی دەربڕین. جگە لەمەش ( ئاهەنگ) لە زمانی کوردی ئەمرۆدا بۆ ناوی مرۆڤ لە ڕەگەزی مێ بەکاردێت.

### 2.4.3 ئیتمۆلۆژیای ناوی شوێن

ناوی شوێن : ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە بۆ ناونانی شوێن بە کارهاتوون لە زمانی ئاڤێستادا. لە ئەنجامی گەشە و گۆڕانی زمان کەمێک گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، بەڵام ڕەگ و ڕیشەیان لە زمانی کوردیدا هەر ماوەتەوە. هەندێکیان لە ناوی شتی ترەوە گۆڕاون بۆ ناوی شوێن .

1- زەری دەزە ( Zere dhaza)

زەری دەزە ⟵ (زەردەڵە، زەر دەزە)

ئەمە ناوی ئەو زنجیرە شاخەیە کە ناوچەکانی قەرەداخی لە ناوچەکانی سلیمانی جیاکردۆتەوە، بەلای کەمییەوە هەمان ناوی هەڵگرتوە. کە ( زەردەڵە، زەر دەزە) بە تێچونی دەنگی / ی / بوە بە (زەر دەزە ). ( محمد ئەمین هەورامی، 2005: 59)

2- ورمێ

ناوی تایبەتی شوێنە بۆ شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنچینەکەی: ئاورمێ، ئارومیە، واتە شوێنی مانەوە

گۆڕانەکەی ئارومن، ئارومیە

ئورمی ⟵ ئورمێ ⟵ ورمێ

پیکهاتەکەی : ئار ( ئور، ور ) شوێن + مێ ( مانەوە ) واتە شوێنی مانەوە بە گۆڕانی دەنگی / ئـ / بە /و/ بە تێچونی دەنگی / ا / یان بە تێچونی / ئـ / لە ئار و دەنگی / و / شوێنی دەگریتەوە ئار ⟵ ور لەگەڵ تێچوونی دەنگی / و / لە کوردیدا تێچونی ئاسانە. ( ڕەفیق شوانی، 2016: 17)

3- مزدیا (مزگەوت، مزگفت)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مزدیا ⟵ مزگیت ⟵ مزگەوت

زارەوەی ( مزدیار) لە ئاڤێستادا بە واتای پەرستگا هاتووە دواتر بە هۆی گەشە و گۆڕانی زمانی وشەکە لە زمانی کوردیدا ڕەگ و ڕیشەکەی هەر ماوەتەوە و تاوەکو ئێستاش بە کاردێت وەك وشەی ( مزگەوت، مزگەفت) (بیهزاد خوشحالی،2008 :46)

گۆڕانی وشەکە سەرەتا بە گۆڕینی دەنگی / د / بۆ دەنگی / گ / پاشان دەنگی / ا / بۆ / ت / لە قۆناغی یەکەم، لە قۆناغی دوەم تەنها بە زیادکردنی ( ە ) و گۆڕینی ( ی ⟵ و )

### 3 .4 .3 ئیتمۆلۆژیای ناوی ئاژەڵ

ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە لە زمانی ئاڤێستادا بۆ ناوی ئاژەڵ بەکارهاتوون، بەڵام بە هۆی گەشە و گۆڕانی زمان ئەو ناوانەش گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان وەك خۆیان ماونەتەوە.

بەشێك لەو ناوانە دەخەینە ڕوو.:-

1- گاوش = ( GAU-S) ( محمد ئەمین هەورامانی، 2005: 67)

گاوش ⟵ گاو ⟵ گا

ناوی ئاژەڵە بە واتای ( چێڵ ) یش دێت، لە زمانی ئێستای کوردیدا وشەی ( گا، چێڵ) هەردوکیان بە کاردێت.

لە ئینگلیزی وشەی (cow) کاوو لە فارسی نوێدا ( گاڤ= gav) لە هیندی کۆندا ( گاوس = gaus ) بەکاردێت.

گۆڕانی وشەکە دەکرێ بڵێین لە قۆناغی یەکەم بە تێچونی دەنگی / ش / و لە قۆناغێکی تر بە تێچونی دەنگی / و / بۆ مەبەستی ئاسانی دەربڕین و کەمکردنەوەی وزە بەکار هاتووە.

2- ئەسپە = ASPS

بە واتای ناوی ئاژەڵ دێت

ئەسپە ⟵ ئەسپ

ئەسپا ⟵ ئەسپ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە زمانی ئینگلیزی ( هۆرس – hors) بە کاردێت. ( ئەسپە = aspa) بە واتای ئەسپی نێر دێت، بەڵام ئەسپا واتە مایین بۆ مێ بە کاردێ، واتا نیشانەی مێ چوە سەری بو بە ( ئەسپا ) لە زمانی کوردی ئەمرۆشدا تاوەکو ئێستاش ئەسپ بەکاردێت. ( سەرچاوەی پیشوو: 67)

گۆڕانەکە بە هۆی تێچونی ( ە ) کە دەنگێکی ناسکە لە کوردی تێچونی ئاسانە.

3- ( هەرویشە) ⟵⸻ کەروێشك ( فازل ئوسولیان، 2015: 95)

لە زمانی ئاڤێستادا وشەی ( هەرویشە) بەرامبەر کەروێشك بەکار هاتووە دواتر لەگەڵ گەشە و گۆڕانی زمان گۆڕانکاری بە سەر وشەکەدا هاتووە بوە بە کەروێشك

هەرویشە ⸻⟵ کەروێشك

دەکرێ بڵێین بە گۆڕانی دەنگی / ە / بۆ / ك / لە سەرەتای وشەکەوە و هەروەها گۆڕانی ( ە ) بۆ ( ك ) لە کۆتایی وشەکە.

### 3. 4 .4 ئیتمۆلۆژیا ناوی کات

ناوی کات: ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە لە ئاڤێستادا بۆ دیاریکردنی کات بەکارهاتوون. لە ئێستاشدا ڕەگ و ڕیشەی ئەو ناوانە هەر ماوەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەسڵەکەی کە زمانی ئاڤێستایە.

1- ڕەوچە

ئەم زاراوەیە ئاڤێستاییە بە مانای ڕۆشنایی دێت لە فارسی نوێدا بوە بە ( خورشید ) پاشان بوە بە (روزنە ) هەر لە فارسیدا. ڕەوچە لە کوردیدا بوە بە ڕۆژ، خۆر، هەتاو. ( ڕەفیق شوانی، 2016: 30)

ڕەوچە ⸻⟵ ڕاوچە ⸻⟵ ڕاوچاە ⸻⟵ ڕۆژ

بە گۆڕانی دەنگی / و / بۆ / ۆ/ پاشان تێچونی دەنگی / ە / نەمانی پاشگری (چە) بە مەبەستی ئاسانی دەربڕین.

2- خشەپە= شەو

خشەپە وشەیەکی ئاڤێستایی یە بە واتای ( شەو ) دێت لە پەهلەویدا بوە ( شەپ ) سەرەتا وشەکە درێژ و قورسە لە دەربڕیندا وەکو خشەپە پاشان سوکتر دواتر لە کوردیدا ئاسانتر بوەتەوە بوە بە (شەو)

خشەپە ⸻⟵ شەپ ⸻⟵شەو

گۆڕانی دەنگی تێچوونی دەنگی / خ / و دەنگی / ە / ی بڕگەی دوەم. (سەرچاوەی پیشو)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- هامینە ←—— هاوین

( هامینە ) لە ئاڤێستادا بە مانای ( هاوین ) هاتوە لە فارسیدا ( تابستانی ) لە کوردیدا بوەتە ( هامن ) (هاوین ) دەکرێ گۆڕانی وشەکە بەم شێوەیە لێکبدەینەوە. ( بیهزاد خۆشحاڵی، 2008: 220). ( هامینە، هامن، هاوین) بە تێچوونی دەنگی / م / و / ە / دوای پاش و پیشخستنی ( م، ی ) یا ( و، ی )

**3. 4. 5 ئیتمۆلۆژیا ناوی شت**

ناوی شت: ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە لە زمانی ئاڤێستادا بۆ ناونانی شت بەکارهاتوون و لە ئێستادا ڕەگ و ڕیشەیان هەر ماوە، بەڵام هەندێ گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە ئەویش بە هۆی گەشە و گۆڕانی زمانەکەوەیە.

1- ئاپ – ap ( ئاو )

لە ئاڤێستادا ( ئاپ- ap) چەند جار بە مانای ئاو هاتووە لە فارسی کۆندا ( ئاپی)api

ئاپ ←—— ئاب ←—— ئاو

بە گۆڕانی دەنگی/ پ / بۆ/ ب/ پاشان بۆ/ و /

لە زمانی کوردیدا ئێستا ئەم وشەیە بە کاردێت بە شێوەی (ئاو، ئاڤ، ئاب).

2- ئاکوەرە ( ئاخورە )

لە زمانی ئاڤێستا وشەی ( ئاکوەرە) بەکارهاتووە لە زمانی کوردی ئەمرۆ بۆتە ( ئاخورە) بەواتای شوێنی ئالیکدانی مەڕوماڵات هاتووە، کە بە هەمان واتا هاتووە لە ئاڤێستادا. ( بیهزاد خۆشحالی، 2008: 183)

ئاکوەرە ←—— ئاخوەرە ←—— ئاخورە

دەگونجێت گۆڕانی دەنگەکە بەم شێوەیە لێکدەینەوە لە قۆناغی یەکەم بە تێچوونی دەنگی / ە / لە قۆناغی دووەم بە گۆڕانی دەنگی / ك / بۆ دەنگی / خ /.

3- پەرتو: پەرەتوو

لە ئاڤێستادا بە واتای ( پرد ) دێت شوێنی پەرینەوەی و بە سەرداچون

پرتو ←——پردو ←—— پرت ←——پرد

دەگونجێت لە وشەی ( پەرینەتۆ) یا ( پەرەتۆ ) بۆ ( پرد) هاتبی. ( رەفیق شوانی، 2016: 25)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرێ بڵێین بە گۆڕانی دەنگی / ت / ⟵ / د / تێچوونی هەردوو دەنگی / ە ، و / ئەم گۆڕانکاریەی بەسەردا هاتبێت.

## 4 . ئەنجامی لێکۆڵینەوە

1- مێژووی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی ئاڤێستایی و لە پێش ئەوەش بۆ زمانە زاگرۆزیەکان، واتە ئەو زمانە کوردییەی کە ئەمرۆ میللەتی کورد قسەی پێدەکات سەرچاوە و ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی ئاڤێستایی.

2- زۆربەی زۆری ڕەگ و قەد لە ئاڤێستادا و لە زمانی کوردی ئەمرۆدا لە زۆر شت یەکدەگرنەوە بە جۆرێک هەندێکیان سەرانسەر و دەقاو دەق بێ زیاد و کەم وەك یەکن.

3- ئەو وشانەی کە لە ئاڤێستادا بەکارهاتوون لە ڕووی دەربڕینەوە قورس و زەحمەتن بە بەراورد لەگەڵ زمانی کوردی ئێستا، بەڵام بە تێپەڕبونی کات و گەشە و گۆڕانی زمانەوە بەرەو ئاسانی ڕۆشتوە ئەمەش بە هۆی تێچوون و زیاد و کەم کردنی دەنگەکانیەتی.

4- ئیتمۆلۆژیای وشەی کوردی و گۆڕانی وشەکانی لە زمانی ئاڤێستایی تا زمانی کوردی ئەمرۆ هەموو بەشەکانی وەك ( ناوی کات، شوێن و جیگا و ئاژەڵ و مرۆڤ) دەگرێتەوە.

5- گۆڕانی وشەکان زیاتر گۆڕانی دەنگسازی دەگرێتەوە.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


1- ئەمین هەورامانی، محمد(1988)، زمانی ئاڤێستا، بغداد دار الحرية.

2- ئەمین هەورامانی، محمد(2005)، ڕەسەنایەتی زمانەکەت بناسە، چاپی یەکەم، هەولێر.

3- ئوسوڵیان، فازل(2015)، ناسنامەی زمانی کوردی ، بەرگی دووەم، ( بەشەکانی 4 تا 6) زمانی کوردی لە سەردەمی مادەکان.

4- ئوسوڵیان، فازل(2015)، ناسنامەی زمانی کوردی ، بەرگی سێیەم، ( بەشەکانی 7 تا 10) ڕەوشی زمانی کوردی لە پاش دەسەڵاتداری مادەکان.

5- ئی.م. دیاکۆنۆف( 1978)، میدیا، وەرگیڕانی برهان قانع، چاپی یەکەم.

6- بۆرەکەی، سدیق ( 2008)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم، هەولێر.
7- حاجی مارف، ئەورەحمان ( 1975)، وشەی زمانی کوری، بەغدا.
8- خۆشحاڵی، بیهزاد (2008)، فیلۆلۆژیای زمانی کوردی و مێژووی کوردستان، وەرگیڕانی مستەفا غەفور، چاپی یەکەم.
9- دی سۆسێر، فردیناند( 2018)، کۆرسی لە زمانەوانی گشتی، وەرگێڕانی نەریمان عبدولا خۆشناو.
10- شوانی، رەفیق( 2008)، زمانی کوردی شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، هەولێر چاپی یەکەم.
11- شوانی، رەفیق( 2009)، زمانەوانی کۆمەڵە وتارێك/ چاپخانەی خانی (دهۆك)، چاپی یەکەم.
12- عبدوڵلا، ئیدریس (2010 )، نەریمان خۆشناو، کوردۆلۆجی، چاپی شەشەم.
13- عبدالواحید وافی، علی(2007)، زانستی زمان، وەرگێرانی ئیبراهیم عەزیز، چاپی یەکەم، بەرێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشەنبیری هەولێر.
14- فەرهادی، ساجیدە عبدولا ( 2013)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، هەولێر.
15- محمد، مەسعود (2008) ،زمانی کوردی، وەرگێڕانی حەکیم کاکە وەیس.
16- ناوخۆش، سەلام( 2012 )، مێژوویێکی تر بۆ مێژووی زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

گۆڤار

17- شوانی، رەفیق(2016)، ئیتمۆلۆژیای هەندێ وشە و گیرەکی کوردی لە میژودا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (39).

پێگەی ئەلیکترۆنی:

18- ئازاد، کەیوان ، مێژووی ئاینی زەردەشتی ( ئاڤێستا کتێبی پیرۆزی ئاینی زەردەشتی) وتار لە ماڵپەری: https://basnews.com
19- پێگەی ئەلیکترۆنی: https://ferheng.com.Info
20- پێگەی ئەلیکترۆنی: https://ckb.m.wikipedia.org

سەرچاوە بە زمانی عەرەبی

21- بیلال اسماعیل، زبیر(1977)، تاریخ اللغة الکردیة، بغداد مطبعة الحوادث.
22- منیر بعلبکی، رمزی(1990)، معجم المصطلحات اللغویة، دار العلم للملاین، بیروت- لبنان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Etymology of some Kurdish words derived from Avesta

**Asst. lect. Dastan Sabr Mama**
Department of kurdish, College of language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Dastansaber1988adren@gmail.com

***Keywords****: Etymlogy, Kurdish lamguage, Avesta language, Word origin, Investigation, Word root.*

## Abstract

Unlike the traditional definitions of language in the past, in this era of the new revolution of technology, the struggle of languages, and the death of some languages, the most obvious and accepted new definition of language has appeared, since language is not just a link to communication and information transfer, but language itself is the structure and structure of things.

It is the existence that it refers to, so language does not just refer to history, culture, and originality, but language itself is history, the originality, culture and culture of all nations, language creates civilizations, there is no civilization without language.

The existence of a nation is linked to its language, which means that language erases the identity of the nation by the absence of a nation, which means that language has an important and effective role in the transformation of all nations.

This study is titled "Etymology of some Kurdish words derived from Avesta. There are two topics and the results and the sources that have been used.

Topic 1: In this topic, a historical brief on the analysis of the words and terms of etymology, Kurdish language, and Avesta sources, then the Avesta language and the evidence that proves that the Kurdish language is the form of Avesta with the letters of Avesta language.

Topic 2: In this topic, we try to learn more about the language of Avesta and describe the words that are derived from Avesta. The topics in this section include the religious dialect of Avesta and the parts of Avesta, and the relationship between Avesta and Hawrami, then the etymology of its name (human, place, animal, time and thing).

The results of the research and the sources of benefit have been presented.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# الاتمولوجيا لبعض الكلمات الكردية التي تنبع من افيستا

**ملخص:**

خلافا للتعاريف التقليدية التي أعطيت في الماضي للغة، لكن في عصر الثورة التكنولوجية الجديدة وصراع اللغات وافول البعض منها ، فإن أبرز وأكثر التعاريف قبولا للغة التي برزت في الآونة الأخيرة هي أن اللغة لم تكن فقط قناة للاتصال وانتقال المعلومات، بل ان اللغة نفسها وفي حد ذاتها تجسد البنيان ومكونات الأشياء. فهي تعبر عن الموجودات التي تشار اليها. لذلك فإن اللغة ليست فقط إشارة للتاريخ والتراث والاصالة، حيث ان اللغة في ذاتها تجسد التاريخ والاصالة وتراث كل الشعوب والقوميات . فاللغة تبني الحضارات وليس هنالك حضارات قامت من دون اللغة .

فمن الواضح والظاهر أن وجود اية قومية اساسا ترتبط باللغة فمن غير وجود اللغة تمحى القومية فاللغة لها دور مهم ومؤثر في مراحل تطور وركود ( انعطاف) كل الشعوب .

هذا البحث الذي يحمل عنوان (الاتمولوجيا لبعض الكلمات الكردية التي تنبع من افيستا). يتكون من محورين مع الاستنتاجات بالإضافة إلى قائمة المصادر .

المحور الاول: في هذا المحور تم تناول وبحث موضعة الدراسة من خلال عرض خلاصة تاريخية في بحث ومصطلحات ئيتولوجيا واللغة الكردية ومصدرها افيستا. بعد ذلك تطرقنا الى لغة افيستا والوثائق التي تبرهن ان اللغة الكردية وشكلها القديم هي لغة افيستا حيث تم عرضهم مع حروف لغة افيستا.

اما المحور الثانى: تناولنا بصورة اكثر على الوقوف على لغة افيستا وبحثنا تلك الكلمات التي تم استعارتها من افيستا. والمواضيع التي تم عرضها في هذا المحور هي الشكل الديني للغة افيستا و أقسام افيستا و علاقة لغة افيستا مع اللغة الهورامية بعد ذلك ئيتمولوجيا الاسماء ( الانسان والمكان والحيوان والوقت والاشياء).

وفي الختام تم عرض نتائج البحث و المصادر التي نستفاد منها.